# یەكەم شەو دەرخستنی پیاوەتی

**نەجات روستی**
rosti@maktoob.com

له هەفتەی ڕابردوو بۆ كارێكی رۆژنامەنووسی سەردانی یەكێك لەنەخۆشخانەكانیشارم كرد، بەبێ ئەوەی بەپاسەوانەكانی ئەوێ بلێم كاری‌رۆژنامەنووسیم هەیە، لەترسی ئەوەی نەهێلن بچمەژوورەوە، ووتم دەچم سەردانی یەكێك نەخۆشەكان دەكەم، بەقسەی خۆش، پاسەوانەكان فەرمووفەرموویان لێ كردمو زۆرمەمنونیانم هەرچەندە كەمێك چاوەڕوانیم كردتادەربازبووم بۆ ژوورەوە كاتی، سەردانەی‌كەم شەوێكی درەنگەوەخت بوو، لەناو نەخۆشخانەكە بەدوای هاورێیەكەم گەرام، لەیەكێك لەهۆلەكان دۆزیمەوە، ئەو، زانی ئەگەر شتێك ببینم لەرۆژنامە لەسەری دەنووسمو بۆیە بەپەلە فەرمووی لێ كردمو بردمیە ژووری حەوانەوەی‌و بۆماوەیەك داوای مۆلەتی لێ كردم لەبەر ئەوەی دكتۆری ئێشكگر لەنەخۆشسخانە كەبوو، دوای یەك چارەگە سەعات بەداوای لێ بردن هاتەوە لام، پاش هەوال پرسین‌و گێرانەوەی دەنگ‌و باسی هاورێیەكانی ترمان، یەكێك لەهاوڕێ ئێشكگرەكانی هاورێیەكەم بەپەلەهاتە ژوورەوە داوای كرد كەهاوڕێیە كەم لەگەلی بچێ بۆ قاوشی دوو، هاورێیەكەشم ووتی تۆ دابنیشە ئێستا دێمەوە، پاش دواكەوتنی بۆ ماوەیەك هاتەوە لام، بەپێكەنینەوە ووتی ئەم خەلكەنازانێ بژی، وادەزانێ ئەگەر شەوی یەكەمی زاوایەتی جوت نەبێت ئیتر شەرمەزاری بۆ دەمێنێتەوە. لەگەل ئەو وتەیە بەسەرسوڕمانەوە ووتم چی بووە. . ؟ ئەوە كچێك بوو تەمەنی بیست‌و پێنج سالان دەبوو، یەكەم شەوی بوك‌و زاوایەتیان بووە بەهۆی ئازاردانی پیاوەكە لەكاتی جووت بووونداتووشی دابەزینی خوێن بووە ئەوەندە ئازاری داوە كەكچە هیچ هۆشی لەخۆی نەماوەو خوێنێكی زۆری لەبەرڕۆیشتووە، لەكاكی زاوام پرسیوە بۆچی وائازارت داوە، بۆ ئێوە واهەست دەكەن ئەگەر شەوی یەكەم جووت نەبن خۆتان بەپیاو نازانن، كاكی زاواش ووتی ئاخر دكتۆر گیان بەلای منەوە ئاساییە بەلام بەلای دایك‌و باوكم‌و خزمەكانم ئاسایی نییە ئەگەرشەوی یەكەم نەبم بەزاوا ئەوا ئابڕوم دەبەن، منیش بۆ ئەوەی سەرە كونەم نەكەن‌و ئابڕوم نەبەن بەپەلەكاری جووت بوونەكەم ئەنجامداوە چوومە دەرەوە لەژوورەكەم‌و بانگی دایك‌و باوكم كردوو، باوكم ماچی كردم‌و ووتی كوڕی باوكی خۆیەتی دایكیشم ئەملاو ئەولای ماچی كردم ووتی پیرۆزت بێ رۆلە گیان، دوای ئەوەی كەدایكم‌و باوكم وایان پێ ووتم زیاتر هانیان دام بۆ كاری سێكسی‌و چوومەوە ژوورەوەو چەند جارێكی تر لەگەل هاوسەرەكەم جووت بووم، من نەمدەزانی ئاوای‌لێدێت، هەرچەندە هەولمدا هاوكاری بكەم بۆ ئەوەی خوێنەكەی بووەستێ بەلام خوێنەكەی نەوەستا ناچار بووم بیهێنم بۆ ئێرە لەڕووم نەهات بیبەم بۆ عیادە، ئەمە قسەی ئەو كوڕە زاوایە برسییە بوو كەلەژیانی ڕابردووی وەك خۆی وتەنی ئەمەیەكەم جارە كاری سێكسی ئەنجام ئەدەم، بۆیە واشێت‌و هار ببووم، هاوسەرەكەی خرایە ژێرچاودێری پزیشكی بۆماوەی یەك هەفتە لەنەخۆشخانە خەوێندراو دوو بتل

خوێنیشیان تێ کرد، کەیەکێکیان لەزاواکە وەرگیراو ئامۆژگاری زاواکەشیان کرد کەبۆماوەی یەك مانگ لەهاوسەرەکەی نزیك نەبێتەوە، لەئەم قسانەدابوو جارێکی تر هاوڕیەکەم تەلەفۆنی بۆکراو بەپەلە چوو بۆ قاوشی دوو، پاش ئەوەی ماوەیەکی پێ چوو منیش بێزار بووم لەدانیشتن‌و بەرەو قاوشی دوو رۆیشتم تامالْئاوایی لەهاورێیەکەم بکەم‌و بڕۆم بەبێ ئەوەی ئەو کارەی بۆی هاتبووم بۆم ئەنجام بدرێ، بینیم کچێکی جوانکیلیەی تەمەن (19) ساڵان هەر ناڵە ناڵیەتی، پیاوێك‌و دووژنی بەسەرەوە بوون، داوام لەهاورێیەکەم کرد ئەگەر بتوانم بڕۆم ئەویش ووتی مەڕۆ ئەمەش هەمان رووداوی پێشوە، کەبۆم باس کردی، بەیەکەوە لەقاوشەکە هاتینە دەرەوەو هاورێکەم ووتی ئەم جارەیان کچە بەرگەی پیاوەکەی نەگرتووەو نزیکەی 17 ساڵ لەکچەکە گەورەترە، ئەمەش تووشی نەزیفی خوێن بووە، ئەم شەو پێنج شەممەیە ئیتر چاوەرێی هی تریش دەکەین، چونکە جاری واهەیە شەش تا هەشت روداوی لەم شێوەیە دێن بۆ ئێرە، ئەم رووداوانەش ئاساییە بەلاْم حاڵەتی وامان بۆدێت کەماوەی زیاتر لەساڵێك تا دووساڵیش بگرە زیاتریش ژیان هاوسەریان پێك هێناوە، ئەم حاڵەتە دووبارە ئەبنەوە، لەهەفتەی رابردوو کچێکیان هێنا هەموو لەشی جێگای قەپارەی پیاوەکە بوو نازانم ئەمانە چین بۆ وەها تینووی سێکسن، بەدەم پیاسەوە بەرەو دەرگای دەرەوەی نەخۆشخانە هاتینە دەرەوەو ووتم کاکە گیان، لاوانی ولاْتی ئێمە هیچ زانیارییێکیان دەربارەی رۆشنبیری سێکسی نییەو بۆیە تووشی ئەو حاڵەتەئەبن‌و زۆرجاریش بەهۆی شارەزانەبوونیان گەورەترین کێشە لەنێوان کوڕو کچە ڕوودەدات، یەکێکیش لەفاکتەرە کانی جیابوونەوەی ئەو رێژە زۆرەی ژن‌و مێرد کەلەلێکۆڵینەوەکانی دادگا ئاماژەی بۆ کراوە، نەبوونی شارەزاییە لەبواری رۆشنبیری سێکسی بۆیە واپێویستە کەلە قۆناغی سەرەتایی مناڵان‌و نەوەکانی داهاتوومان لەرێگای وانەی تایبەتەوە لەسەر رۆشنبیری سێکسی رابهێنین، تا چیتر لاوان وابیر نەکەنەوە، ئەگەر لەشەوی یەکەمی بوك‌و زاوایەتیدا کاری جووت بوون ئەنجام نەدەن بەپیاو دانانرێن‌و باوکانیش وەها رابێنینن کەبەهاوسەر بوونی کوڕو کچ تەنها بەشەوی یەکەم دەرناکەوێ بەڵکو لەرۆژانی داهاتوو کاری جووت بووەن دەبێتە بنەمای خۆشەویستی بۆ هەردوولاو تام‌و چێژێکی تر بەژیان دەبەخشێ‌و زانیاری رۆشنبیری سێکسی دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ تیمارکردنی زامە قوڵەکانی نەریتی باوی کوردەواری.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەلاْم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاْویدەکەینەوە. لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003